

مرۆڤ سالاری

# دەسەڵات و ڕۆژنامە لە کوردستان

عەلی کەریم دەی نوسێت

"ئەگەر لێم گەڕابان تا لە نێوان حکومەتێکی بێ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەیەکی بێ حکومەتدا یەکێکیان هەڵبژێرم ئەوا بێ دوودڵی دووەمم هەڵدەبژارد"(جیفرسۆن) سەرۆك و دانەری دەستوری ئەمریکا.

ماوەیەکە لە کوردستان هەواڵی سوکایەتیپێکردن، گرتن و ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان لە ناوچە جیاجیاکان لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بە بەردەوامی زیاد دەکات کە ئەمەش سەرەتایەکی خەتەرناکە بۆ دروستبوونی دکتاتۆریەت و دەسەڵاتێکی مەرگپەرست کە لە کوشتنی دەنگی ئازاد و ویژدانی زیندووی گەلەوە دەستپێدەکات کە میدیا بەشێکی جەوهەرییە لەو دەنگ و ویژدانە.

دەکرێت بپرسین دەسەڵات بۆ بەم کۆتاییە کەوتە ترسێکی گەورەوە بەرامبەر بە میدیا لە کوردستان؟ لێرەشەوە بێڕێزکردنیان بەئاشکرا خەریکە مێژووەکەی دەستپێدەکات. تۆ بڵێی دەسەڵاتی ئێمە هەرسی ئەو ڕاستییە نەکات کە ئێمە بەشێکین لە دنیایەکی گۆڕاو ڕووە و دیموکراسی و مرۆڤ سالاری؟ خراپترە پێمانوانەبێت کە دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و ڕووداوە جۆراوجۆرانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچە و جیهان ڕوویانداوە دەسەڵاتی ئێمەی داچڵەکاندبێت؟

بەهەرحاڵ بەرلەوە بائەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە دەسەڵاتی کوردی ئێستا زیرەکانە ممارەسەی ئەم بێڕێزکردنانەی ڕۆژنامەنووسان دەکات ئەویش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە پانابردنەوە بەر یاسا، کە دیارە یاساش لەم کوردستانە بەتایبەت یاسای سزادانی عێراق یاسای سەردەمی بەعس بەڵکو بەرجەستەکەری بەعسیزمە کە دواجار ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ زۆر بێباکانە بێنرخ دەکات.

ئەمە سەرەڕای باکگراوندی سیستەمی دادوەری لە کوردستان و ئەو بەحیزبکردنەی کە وەك کۆی کایەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەسەریداهات، کە تائێستا خەڵکی کوردستان لەماوەی (15) ساڵی ڕابردوودا یەك بەرپرسی باڵای دەسەڵات و دووحیزبە سەرەکییەکەی نەبینی لە بەردەم دادگا سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و پرس و گەندەڵییەی لە کوردستان هەیە، بەڵام نووسەر و ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان بەردەوام ڕاپێچی دادگاکان دەکرێن.

کەواتە لە باڵادەستکردنی ئەم یاسایانەی کوردستان و لە کردنیان بە خاوەن دوابڕیار و دواقسە لەسەر پرسەکانی ماف و ئازادییەکان بەر لە هەمووشیان مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی میدیا ئەوا دەسەڵات پێشینە براوەیە و هەر لە بنەڕەتەوە سودمەندە، بەمەش ڕۆژنامە هەر لە بنەڕەتەوە دۆڕاوە!

ئەم حاڵەتە ئاماژەیە بۆ دووخاڵ:

یەکەم دەسەڵاتی کوردی ئەگەر تائێستاش سیاسەتی نەعامەی ممارەسە کردبێت ئەوا لێرەوە ناتوانێت، بەمەش ئەگەر بخوازێت بە عەقڵی شاخ ئیدارەی شار بکات ئەوا مەرگی خۆی بڕیاردەدات.

دووەم گەیشتینە خاڵێك و گەڕانەوەشی لێناکرێت کە دوو ڕێگە لە بەردەم دەسەڵاتی کوردیدایە، یان ئەوەتا دەبێتە دەسەڵاتێکی کراوە و مرۆڤ دۆست و دیموکراسی کە دواجار بەپێویست مەلەفی ئەو هەموو گەندەڵی و ملیۆنێرە ناشەرعی و بازرگانەی حیزب دەبێت یەکلابکاتەوە و ڕێز لە ئازادی ڕۆژنامە بگرێت. یان ئەوەتا دەبێتە دەسەڵاتێکی داخراو و تۆتالیتار و مەرگپەرست کە دواجار جگە لە دواکەوتن و مەرگبارێنی هیچی تر بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر ناکات، کە بەداخەوە لە پەیوەندی بە میدیای ئازادەوە دەسەڵاتی کوردی مەیلی بەرێگای دووەمدا هەیە.

ئەم حاڵەتی بێڕێزیکردن و ئازاردان و گرتنانەی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەرهەڵدانی سەرەتاکانی میدیای ئازاد لە کوردستان، میدیایەك کە ناخوازێت چیدیکە لە باشترین حاڵەتیدا بینەرێکی بێدەنگ بێت بەرامبەر بەهەموو ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات، بەڵکو لێرەوە خەریکە دوو مێژوو دوو گوتار دوو پەیام لەیەکتر جیادەبنەوە، مێژوو و پەیام و گوتاری پێشتری ڕۆژنامە لە کوردستان کە تا سەرئێسقان ناتەندروست و نەخۆشە، لەگەڵ مێژوو و گوتار و پەیامی ڕۆژنامەی ئەمڕۆ و ئایندەی کوردستان کە دەکرێت ئازادانە ممارەسەی ماف و ئازادییەکانی خۆیبکات، بەڵکو ڕەوت بەرەو ئەنجامدانی ئەرکە جەوهەرییەکانی میدیا دەدات هەر لە چاودێری دەسەڵات و دروستکردنی توانای بڕیاردان لای تاك بەهۆی وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ڕاست لە کۆمەڵگەدا تا دەگاتە جەنگکردن بۆ گۆڕان و زەمینە ڕەخساندن بۆ ممارەسەکردنی جیاوازی و تایبەتمەندییەکان، هەر لێرەشەوەیە دیموکراسییەت دەستپێدەکات.

ئەگەر زانیشمان کە ئازادی ڕۆژنامە پێودانگێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دیموکراسییەت و ئاستی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییەکان لە کۆمەڵگەدا ئەوا تاکە کەناڵ ڕۆژنامەی ئازاد و ئازادی ڕۆژنامەیە، کەلە پاراستنی شکۆی ڕۆژنامەنووسانەوە دەستپێدەکات، و حکومەتی نوێی کوردستانیش بە پێویست دەبێت لە هەوڵی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا بێت.

چالاکوانێکی مافی مرۆڤە لە کوردستان